زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز (١٣)

# ڕەمەزان

## و بەستنی پەیمان نامەیەك لەگەڵماڵەوە

نووسینی : باوکی فریشتە

پێداچوونەوەی : مامۆستا عدنان بارام

دیاری مانگی ڕەمەزان

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ من شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَــلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( سورة آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾. ( سورة النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( سورة الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە ، گەر باوکی یان دایك گەر برای یان خوشك ئەوا بە چاوی دڵت ئەم دێرانەی خوارەوە بخوێنەوە ، ئەمەویٚ پێت بڵێم تەمەن کورتە و ڕێگای بەهەشتیش دورە و پێویستی بە تێشوویەکی زۆر هەیە ، مانگی ڕەمەزانیش باشترین دەرفەتە بۆ پاشکەوت کردنی تێشویەکی پێویست بۆ سەفەری قیامەت ، موسڵمانی بەڕێز وەك چۆن بۆ سەرکەوتنت لە هەرکارێکی ڕۆژانە پێویستیت بە بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە ، ئەوا مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیش هیچ لەکارەکانی ڕۆژانەت کەمتر نیە و بۆ قبوڵ بوون و بەباشی ئەنجامدانی پێویستی بە پرۆگرام و بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە ، ئەمەی کە دێینە سەری بریتی یە لەچەن هەنگاو و بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ بەباشی بەڕێکردنی مانگی ڕەمەزان ، بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێیان خۆشە ، ئەویش لەڕێگەی بەستنی پەیماننامەیەك لەگەڵ ماڵەوە کە بریتی یە لە (٨) بەند و بەم پێیەی خوارەوە :

**بەندی یەکەم : هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ( تلفزیۆن ـ ڕادیۆ ـ گۆڤار ) :** گومانی تێدا نیە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ڕۆڵەکانمان بەهەردوو دیوی چاك و خراپەوە ، بۆیە تۆی موسڵمان لەسەرتە لەمانگی ڕەمەزاندا پەیماننامەیەك لەگەڵ

ماڵــەوەتان ببەســتی بەمەبەســتی دورکەوتنــەوە لەبــەکارهێنانی سەتەلایت و ڕادیۆی ماڵـەوە ، چـونکە وەك ئاشـکرایە تـا دوو کـەناڵی قورئان و موحازەراتی ئاینی ئەبینی دەیان کـەناڵی گـۆرانی و زنجـیرە تەلەفزیۆنی خـراپ و بەرنامـەی ڕادیـۆیی خراپـت گـوێ لێ ئـەبێ ، کـە هەردەم و بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا هۆکارن بۆ لەڕێگا دەرچوونی ڕۆڵەکانمان ، بەداخەوە خەڵکێکی زۆر ئەڵێن زنجـیرە تەلەفزیۆنیـەکان پەند و عیبرەتی تیایـە بۆمـان ! ! ! ئـەی بۆچـی پەنـد و عیـبرەت لـە قورئان خوێندن و گوێگرتن لە موحازەرات وەرناگرن ؟ ! ! یـان ئـەڵێن ڕۆژێك تا ئێوارە بەچی بەسەر بەرین ؟ ! بـە قورئـان خوێنـدن و زیکـر کردن بەسـەری ببـە ، ئـەم پـەیمان نامەیـەش سـەرەتایەکە بـۆ زیـاتر ناساندنی ماڵەوەتان بەئیسلام و ڕێگای ڕاسـت ، ناسـین ئـەم کـارەش بـەگفتوگۆ و وتـەی جـوان و بـە نـەرمونیانی ئـەنجام ئـەدرێ ، مـانگی ڕەمەزانیش دەرفەتێکی باشە بۆ سەرگرتنی ئەم پەیمانە ، چونکە لەم مانگـەدا شـەیتانەکان زنجـیر دەکـرێن ، هـەروەك پێغەمبـەرمان ﷺ فەرموویـەتی : " إذَا جَاءَ رَمَضَانُ فُتِحَ أبْوابُ الجَنَّة [1] ، وغُلِقَت أبوابُ النِّيران ، وَصُفِدَت الشَّيطان" [2] .

---

[1] في رواية لـــمُسلم : " فتحت أبواب الرحمة " .

[2] أخرجه البخاري : (٩٧/٤) رقم : (١٨٩٨) و و (٣٢٧٧) ، ومسلم رقم : ( ١٠٧٩ ) .

واتە : کە مانگی ڕەمەزان بەسەردا دێت دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخیش دادەخرێن ، و شەیتانەکان زنجیر دەکرێن .

هەموو ئەوانەش لە شەوی یەکەمی ئەم مانگە پیرۆزە دەبێت ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " إِذَا كانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضان ، صُفِّدَتِ الشَّيَطان وَمَرَدَةُ الجِّنِ ، وَغُلِقَت أبوابُ النَّارِ فَلَمْ يُفْتَح منْها بَابٌ ، وَفُتِحَت أبوابُ الجَنَّة فَلَمْ يُغْلَق منْهَا بَابٌ ، وَيُنَادي مُناد يَا بَاغِيَ الخَيْرِ أَقْبِلْ ويَا بَاغِيَ الشَّرِ أَقْصِرْ ، وَللهِ عُتَقاءٌ مِن النَّارِ و ذلِكَ كُلَّ لَيْلَة " [٣] .

واتە : کە ڕۆژی یەکەم بەسەردا دێت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، شەیتانەکان و یاخی بوو ( **مَرَدَة** ) ە کانی جنۆکە زنجیر دەکرێن و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە ، وە دەرگاکانی بەهەشتیش دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکیان داناخرێت ، وە بانگەوازکارێك بانگ دەکات : ئەی ئەو کەسەی چاکەت دەوێت چاکە بکە ، وە ئەی ئەو کەسەی خراپەت دەوێت واز بێنە ، خوای

---

[٣] أخرجه الترمذي رقم : ( ٦٨٢ ) ، و ابن خزيمة : ( ٣ / ١٨٨ ) من طريق أبي بكر بن عياش عن الأعمش عن أبي هريرة ، و هذا إسناد حسن .

پــەروەردگاریش هــەموو شــەوێك لەشــەوەكانی ئــەم مانگــە پــیرۆزە چەندەها كەس ڕزگار دەكات لە ئاگری دۆزەخ .

وە هــەروەك چــۆن پێــشین لــەمانگی ڕەمەزانــدا دیوەخــانی دەمەتەقێیان بەجیٚ ئەهێشت ، و ڕویـان ئـەكردە دیوەخـانی قورئـان خوێندن و زیكر كردنـی پـەروەردگار ، تـۆش دیوەخـانی سـەتەلایت و ڕادیۆ و گۆڤارەكـان بەجێبهێڵـە بـۆ دیوەخـانی زیكـری پـەروەردگار و كاری چاكە . دڵنیاش بـە لـەمانگی ڕەمەزانـدا نـەتوانی ئـەم هـەنگاوە بنێی ناتوانی لەمانگەكانی تردا سەركەتوو بیت لەئەنجام دانی .

دەتۆش بەدڵێكی پاكەوە و بەپشت بەستن بە پـەروەردگارت بەم كارەهەستە بەڵكو ئەمە خوایە ببێتـە سـەرەتایەك بـۆ مانگـەكانی دوای ڕەمـــەزانیش ماڵـــەوەتان بەیـــەكجاری واز لـــەم ئـــامێرە مـــاڵ وێرانكەرانە بهێنن .

## بەنــدی ووەم : ( مـسجل ـ ڤیـدیۆ سیدی ـ DVD ) :

لەبەندی دووەمی پەیمان نامەكە هەوڵ بدە هەرچـی كاسـێت و سـیدی گۆرانی و فلـیم و ئاهـەنگتان لـە ماڵـەوە هەیـە هـەڵی بگـرە ، چـونكە ڕەمەزان و ئەم جۆرە سیدیانە بەیەكەوە ناگونجێن . وە بۆ هەر ڕۆژێك بەرنامەیەكی گونجـاو دابنــیٚ كـە ڕۆژانـە سـیدی و كاسـێتی قورئـان و موحازەراتی بەسود سەبارەت بەڕەمـەزان و تـەوبـەكردن و نوێـژ و ...

هتد ، بهێنەوە بۆ ماڵەوە ، ئەمەش بکەرە سەرەتایەك بۆ ماڵ ئاوایی کردن لەگۆرانی و کاسیت و سیدی بێ سود ، بۆ دروست کردنی هاوڕێیەتیەکی هەتاهەتایی لەگەڵ بەرنامەی ئاینی و قورئان و موحازەرات .

## بەندی سێیەم : ( کتێب و گۆڤارە بێ سودەکان ) :

پێویستە لەبەندی سێیەمی پەیمان نامەکە هەرچی کتێبی بێ سوودی وەکو شیعر و ڕۆمان و گۆڤاری مۆدە و .... هتد ، لەناو بەریت و لەجێگاکانیان کتێب و گۆڤار و نامێلکەی بەسوود دابنێی ، باشترین کتێبیش بۆ مانگی ڕەمەزان قورئانە . جا بەگوێگرتن بێت یان بە خوێندنەوە هەر سوودی خۆی هەیە . ڕەنگە یەکێك بپرسێ ئەی ئەوانەی خوێندەواریان نیە چی بکەن ؟ وەڵامەکەی زۆرئاسانە با بۆخۆیان تەسبیحات و زیکری خوا بکەن ، یان بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە و بەشداری کردنی هەموو ئەندامانی خێزان بەخوێندەوار و نەخوێندەوار ئەوا کام لەئەندامانی خێزان لەقورئان خوێندن لەهەمووی باشتر بوو ئەوا با ببێتە مامۆستایەك بۆ ئەوانی تر ، و ڕۆژانە کاتێکی دیاری کراو دابنێ بۆ خوێندنەوەی قورئان و ئەوانی تریش بەدوایدا بیڵێنەوە ، بەم کارەش سەرقاڵیان ئەکەیت بەکردەوەیەکی چاك کە قورئان خوێندنە ، هەروەها دوریشیان ئەخەیتەوە لەکات بەفیڕۆدان و خۆخەریك کردن بە کاری لاوەکی و بێ

نرخ و زۆرجار حەرام ، بۆیە لەجیاتی ڕۆژ تائێوارە خەوتن !! یان تائێوارە پیاسەکردنی سەرجادەکان ، و ناو بازاڕ !!! ئەوا لەدوای نوێژی عەسر ڕاستەوخۆ لەمزگەوتەوە بگەڕێوە ماڵەوە بۆ وانەی قورئان خوێندنی ماڵەوەتان ، و بەوکارەت ماڵەکەت ئاوەدان بکەرەوە ، ئەمەش بکەرە سەرەتایەك بۆ ئەوەی لەدوای ڕەمەزانیش درێژە بکێشێت .

لەو کتێب و نامیلکە بە سوودانەی کە ئامۆژگاری تۆی بەڕێزی پێ بکەین ، کە بیانکڕیت ، و بیانکەیتە جێگری ئەو هەموو کتێب و گۆڤارە خراپانەی کە لە ناوت داون ، یان بڕیاری لە ناودانیانت داوە ، ئەمانەن :

١ / **خوا پەرستی نەك شەخص پەرستی** ، لە نووسینی : مامۆستا **عبداللطيف أحمد** .

٢ / **بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەکانی** ، نووسینی : پێشەوا ( **عبدالعزيز بن باز** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **خليل أحمد** .

٣ / **لا إلـه إلا الله ، واتاکەی ، پلەوپایەی ، فەزڵ و گەورەیی ، و شوێنەواری لە تاك و کۆمەڵدا** ، لە نووسینی : پێشەوا ( **صالح بن عبدالله الفوزان** ) و وەرگێڕنی : مامۆستا : **صلاح الدين عبدالكريم** .

٤ / **بیروبــاوەڕت وەرگــرە لــە قورئــان و ســوننەتەوە** ، لــە نوسینی : شێخ ( **محمد جمیل زینو** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **محمد عبدالرحمن** .

٥ / **بیرو باوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعـە** ، لـە نووسـینی : پێـشەوا : ( **محمـد بـن صـالح العثـیمین** ) ، و وەرگێڕانـی : مامۆسـتا **صلاح الدین عبدالکریم** .

٦ / **چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەری خوا لە ڕەمەزاندا** ﷺ ، لـە نوسـینی : شـێخ ( **سـلیم الهلالـي و علـي الحلـبي** ) ، و وەرگێڕانـی : مامۆستا **عدنان بارام** .

٧ / **چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوا** ﷺ لە نوسینی پێشەوا ( **محمد نـاصر الـدین الألبـاني** ) ، و وەرگێڕانـی : مامۆسـتا **عـدنان بارام** .

٨ / زنجیرەکانی گوڵی کۆمەڵگا : کە هەمووی لـە نوسـینی : ( **باوکی فریشتە** ) ن .

٩ / زنجیرەکانی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا ، کـە هـەمووی لە نوسینی : ( مامۆستا **محمد عبدالرحمن** ) ن .

١٠ / **بۆ هـەموو ئافرەتێـك کـە بـڕوای بـە خـوا و ڕۆژی دوای هـەبێت** ، لـە نوسـینی : ( **أبـو مـسلم مجـدي بـن عبـدالوهاب** ) ، و وەرگێڕانی : **دایکی سوننە** .

١١ / هەموو ژمارەکانی **گۆڤاری ڕێگەی ڕاست** کە گۆڤارێکی وەرزی ئایینی یە کۆمەڵە مامۆستایەکی ئاینی دەری دەکەن ، هەموو بوارە شەرعیەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە .

## بەندی چوارەم : دانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە :

ئەگەر تەماشای سەر سفرە و خوانی ئیواران و پارشێوانی هەر ماڵێك بکەین لەمانگی ڕەمەزان وامان لێ دەکات بپرسین : خوشکی موسڵمان ئەم هەموو خۆماندوکردنەت لەپای چی ؟ وەك بڵێی مانگێك نان نەخورابێ هەموو جۆرە خۆراکێك ئامادە دەکرێت ئایە مەرجە ئێواران هەموو خواردنێك لێ بنرێت ؟! نەخێر بۆیە پێویستە خشتەیەکی ڕۆژانەت هەبێ بۆ چیشت لێنان ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :

١ ـ هەمە چەشنە خواردن لێنان ئیسرافە و ماڵ بە فیڕۆدانە ، چونکە خەڵکانێك هەن نانی ئێوارەیان نیە هیچ نەبێ هەندێکی دانێ بۆ ئەو خێزانە دەست کورتانە .

٢ ـ پارەیەکی زیاترت بەدەستەوە ئەمێنێ و دەتوانی یارمەتی خەڵکی هەژاری پێبدەی لەمانگی ڕەمەزان .

٣ ـ بەدانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە کاتێکی کەمت بەفیڕۆ ئەچێ و کاتێکی زۆریشت بۆ خوا پەرەستی و قورئان خوێندن بۆ ئەمێنێتەوە ، چونکە ئەرکی تۆی ئافرەت لە ڕەمەزاندا تەنها

چێشت لێنان نیە . بەڵکو پەرستنیشت لەسەرە پێم وابێ خۆسەرقاڵ کردنیش بەچەشنەکانی خواردن کاتەکانی پەرەستنت لەدەست دەر ئەکا ، و لەماندو بون زیاتر هیچی ترت بۆ نامێنێتەوە ، بۆیە دانانی خشتەیەکی ڕۆژانە لەبەندیخانەی چێشت لێنان ڕزگارت دەکا و هەم خزمەتی ماڵەوە ئەکەیت بە چێشت لێنان و هەم پەروەردگاریش لەخۆت ڕازی ئەکەیت بە پەرەستن .

**بەندی پێنجەم : دانانی زنجیرە وانەیەك بۆ لەبەرکردنی قورئان و فەرموودە :** زۆرجار باوك و براکان لەدوای نوێژی عەسر لەمزگەوت سەرقاڵی خوێندنەوەی قورئانن ، گومانی تیا نیە کە کارێکی باش ئەکەن ، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسی کچەکانت یان خوشکەکانت سەرقاڵی چین ؟ ڕەنگە وەڵامی پێ نەبێ ڕەنگە نەزانێ ڕەنگە سەرقاڵی خەوتن یان زنجیرە تەلەفزیۆنی و گۆرانی بن ! ! بەپێی ئەم بەندە دەتوانیت ئەندامانی ماڵەوە لەڕێگەی خوێندنەوەی قورئان و فەرموودە و گوێ گرتن لێیان یارمەتیان بدەی بۆ لەبەرکردنی ، بۆ نمونە هەموو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان لەپاش نوێژی عەسر بگەڕێوە ماڵەوە بۆ هەر ڕۆژێك فەرموودەیەك بەماناکەیەوە بەماڵەوە لەبەر بکە ، لەماوەی مانگی ڕەمەزانی دەکاتە (٣٠) فەرموودە ، هەروەها ڕۆژی (٥) ئایەتیان بدەرێ لەبەر ی بکەن ، تا ڕا

دێـن لەســەر ئـەوەی لـەدوای ڕەمـەزانیش بـەردەوام بـن لەسـەری ، بەمەش چەن دەسکەوتێکی باش فەراهەم دەکەیت لەوانە :

١ ـ ئەندامانی خێزانەکەت لـەکاری لاوەکـی ڕۆژانـە دور ئەخەیتـەوە ، و بەکارێکی گونجاو ، و پڕ لەچاکە ئاشنایان ئەکەیت .

٢ ـ کچ و خوشـکەکانت لـە سـەرقاڵ بـوون بەبەرنامـە تەلەفزیۆنیـەکان ڕزگار ئەکەیت ، کە تەنها بەرەو گومڕابوون دەیانبات .

٣ ـ ماڵەوە ئاوەدان ئەکەیتەوە بە کەشێکی پڕ لەباوەڕی جـوان و ڕاست .

٤ ـ پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان پتەو تر ئەکـەیت ، چـونکە ڕۆژانە و بۆ ماوەی مانگێك کارێکی پڕ لە خێر و چاکە کۆتان ئەکاتەوە

٥ ـ دەبیتە هۆکارێك بۆ ڕاهـاتنی ئەنـدامانی ماڵـەوەتان ، بـۆ ڕاهـاتن لەســەر ئـەم بەرنامەیـە و بـەردەوام بـوون لەسـەری لـەپاش ڕەمەزان .

**بەندی شەشەم : ڕاهێنانی منالان لەسەر نوێژ کـردن و ڕۆژوگــرتن :** بەداخــەوە کاتێــك لــەدایك و باوکێــك ئەپرســین بۆچــی منالەکەت قسەی خراپ بەدەمیا دێت ؟ ئەڵێ قەیناکا هێشتا منالە ! ! وە کاتێکیش لێی ئەپرسین بۆ منالەکەت نوێـژ ناکـات ؟ هـەمان وەلام ئەداتــەوە هێـشتا منالـە ! ! لەکاتێکـدا منـالی باشـترین دەرفەتـە بـۆ ڕاهێنان لەسەر هەرکارێك ، ئەمە قسەی من نیە ، بەڵکو قسەی گەورە

زانایانی بواری دەرون ناسی یە ، کە ئەڵێن منالْ وەك پەڕەیەکی سپی وایە چیت بویْ لەسەری دەنوسی ، دەتۆش ئەی باوکی بەڕێز ئەی دایکی شیرین ئەی برای مەسلْمان ئەی خوشکی بەحشمەت منالْەکانی ماڵەوەتان پەڕەیەکی سپین بە نوێژکردن و چاکەکاری پڕیان بکەنەوە ، بە ڕاهاتن لەسەر ڕۆژوو گرتن پڕیان بکەنەوە ، دلْنیاش بە ئەو کەسەی بەمنالْی مزگەوت بناسیْ زوتر ئاشنایەتی لەگەلْ نوێژ پەیدا ئەکات ، ئەو کەسەی بەمنالْی ڕۆژو بگریْ با لەمانگێکیشدا (١٠) ڕۆژ بێت ئەوا لە گەورەییدا بەتوانا ترە لەوانەی بەمنالْی ڕانەهێنراون لەسەر ڕۆژو گرتن ، لەم بەندەدا ئەرکی گەورەکانە منالْەکان بە مزگەوت و نوێژ کردن ئاشنا بکەن ، ئەرکی گەورەکانە منالْەکان لەسەر ڕۆژوو گرتن ڕابهێنن ، بۆ ئەوەی لەگەورەیی دا بەڕەمەزان نامۆ نەبن ، بۆیە ئەم قسانە ئەلْێم چونکە زۆرم بینی لەگەورەییدا بەنوێژ و ڕۆژوو نامۆ بوون ، چونکە بەمندالْی لەسەری ڕانەهاتبوون ، ڕاهێنانی منالْی ڕێگای سەرەتایە بۆ خۆشویستن لەگەورەیی ، بۆیە سەبارەت بە منالاْن پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع سنين ، واضربوهم عليها وهم أبناء عشر ، وفرقوا بينهم في المضاجع " [٤] .

---

[٤] صححه العلامة الألباني في سنن أبي داود : ٤٩٥ ، وفي صحيح جامع الصغير : ٥٨٤٨ .

واتــە : فــەرمان بــە منداڵــەکانتان بــە ئەنجامــدانی نوێــژ لــە تەمەنی حەوت ساڵیدا ، وە لـە دەیـەم سـاڵی تەمـەنیان لێیـان بـدەن ئەگەر نوێژیان ئەنجام نەدا ، و لە یەکیشیان جیابکەنـەوە لـە جێگـەی خەوتنیاندا .

هــەروەها ســەبارەت بــە ڕۆژوش ( ربيــــع ) ی کـچی ( معـــــوذ ) سەبارەت بە ڕۆژووی ( عاشوراء ) فەرموویەتی : " كنا نصومه بعـــد ، ونصومه صبياننا ونجعل لهم اللعبة من العهن ـــ أي من القطن ـــ فـــإذا بكى أحدهم على الطعام أعطيناه ذلك – أي اللعبة–حتى يكون عنـــد الافطار "

واتـــە : ئێمـــە ڕۆژووی مـــانگی عاشـــورامان دەگـــرت ، بـــە منداڵەکانیشمان دەگرت ، شتومەکی یاریکردنمان بـۆ دروسـت دەکـرد لە لۆکە ، جا ئەگەر یەکێکیان بگریایە ، ئەو شـتومەکەی یاریکردنمـان پێ دەدان ، تاکو نزیك بەربانگ دەبووینەوە .

بۆیـە تـۆش دەتـوانی بـۆ کـات بەسـەر بردنیـان و سـەرقاڵ کردنیان و دورخستنەوەیان لە بیرکردنەوە لە برسێتی ، ئەوا چـیرۆکی ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکی مناڵانیان بۆ بخوێنیتەوە .

هەروەها ئەتوانیت دیاریەك بدەیتە ئەو مناڵـەی زۆرتـرین ڕۆژ لەڕەمەزان بەڕۆژوو دەبێت .

**بەندی حەوتەم : نوێژی تەراویح :** لەمانگی ڕەمەزاندا زۆربەی کوڕان و باوکان ئەوەندە ئەخۆن توانای ئەوەیان نامێنێ بچن بۆ مزگەوت ، و نوێژەکانیان لەماڵەوە ئەکەن ، و تەراویحەکەشیان لەدەست ئەچێ ، **بەمەش** ( ٢ ) **خێری گەورەیان لە دەست ئەچێت :**

**یەکەم** / نوێژی عیشا بەجەماعەت کە خێری (٢٧) نوێژی تاکی هەیە .

**دووەم** / نوێژی تەراویح کە هەرکەسێ بە جەماعەت ئەنجامی بدا وەکو ئەوە وایە .

خوشکان و دایکانیش لەئەنجامی ئەو هەموو خواردنە لێیان ناوە ماندون لەپاش هەڵگرتنی سفرەی نان یان بەرەو لای سەتەلایتەکە تاو ئەدەن !! یان بەرەو خەوتن !!! بەپێی ئەم بەندە پێویستە باوك و براکان نوێژەکانیان لەمزگەوت بکەن و بیکەنە سەرەتایەك بۆ دوای ڕەمەزانیش بەردەوام بن لەسەری ، هەروەها ماڵەوەش ئاگەداربکەنەوە ئەگەر زۆر بن لەناوخۆیاندا کچان و دایکیان نوێژی تەروایح بکەن ، گەر زۆریش نەبون ئەوا با هەر شەوێك و لەماڵە دراوسێ یەکدا کۆ ببنەوە ، و نوێژی تەراویح ئەنجام بدەن بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی خێزان لە خۆشبەختی ئەژین ، و دەچنە ڕیزی ئەو کەسانە کە پەروەردگار ئەیانپارێزێ . پێم وابێ ئەگەر خوشکان و دایکان شەوی نیو سەعات لەمانگی ڕەمەزان بۆ پەروەردگار تەرخان بکەن لێیان کەم نابێتەوە ، و لەوەش باشترە

بەدیار زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانەوە چاوی خۆیان ئازار بدەن ، و کاتی خۆیان بە فیڕۆ بدەن .

## بەندی هەشتەم : کرینی شت و مەك و پێوستی یەکانی جەژن :

**جەژن :** دە (١٠) ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان کە لەو ڕۆژانەیە گەورەترین خێری تیایە کە شەوی قەدرە چی ڕوو ئەدات ؟ زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی دایکان و باوکان لەم دە (١٠) ڕۆژەدا کاتەکانیان هەروا بەفیڕۆ ئەچێ ، بەڕۆیشتن بۆ لای بەرگ دوور ، و جارێکیش بە ڕۆیشتن بۆ ناو جەرگەی بازاڕ و کەمالیاتەکان ، ئەمە جگە لەوەی کە سەرقاڵی کڕینی خواردەمەنی جەژن ئەبن ،

### بەمانەش لە چەند ڕویەکەوە زەرەرمەند ئەبن :

١ - بەڕۆژوون و دەچنە بازاڕێکی تێکەڵ لە ژن و پیاو وە توشی نەزەر ئەبن ، کە ئەمەش تاوانە و ڕۆژوەوان ئەبێ خۆی لێ بپارێزێ .

٢ - کاتێکی زۆر بەفیڕۆ ئەدەن ، و ئێوارەش بەماندویی ئەگەڕێنەوە ، بەم شێوەیەش توانای ئەوەیان نامێنی شەوانی قەدر زیندوبکەنەوە و بگرن ، و ئەو خێرە گەورەیەیان لەدەست ئەچێ کە لە ساڵێکدا یەك جار ڕۆو ئەدات .

بۆیە باش وایە بەر لە مانگی ڕەمەزان بەچەن ڕۆژێك پێویستیەکانی جەژن بکڕیت چونکە بازاڕ هەرزانترە و کەم تریش قەرەباڵەغە ، و ئەو کاتانەش بەفیڕۆی ئەدەی دەتوانی لە (١٠) ڕۆژی

کۆتایی بە کردەوەی چاك بەسەری ببەی ، و شەوەکەیشی ماندو نیت دەتوانی شەوی قەدر بەڕێك و پێکی زیندو بکەیتەوە بە خوا پەرستی

بەم شێوەیە دەگەینە کۆتایی پەیمان نامەکەی مانگی ڕەمەزان کە بریتیە لە (٨) بەند بەڕێك کەوتن لە گەڵ ئەندامانی خێزان ، و بە ئەنجامدانی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ، دڵنیام خۆشبەختی لەنێو ئەو خێزانە دروست دەکا ، و زیاتر لەیەکتر نزیکیان ئەکاتەوە ، هیوادارم هەر یەك لە ئێمە بتوانین وەك خۆی ئەنجامی بدەین ، داواکاریشم لە خوای پەروەردگار یارمەتی من و ئەو کەسانەش بدات کە هەوڵی بەستنی ئەم پەیمان نامەیە ئەدەن لەگەڵ ماڵەوە .

تەنها خوای پەروەردگاریشە پشت و پەنای هەموان .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

===================================

freshta85@maktoob.com

**باوکی فریشتە / کەلار**

==========================================

# هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

**www.ba8.org**

ba8@maktoob.com

١٤٢٨ --- ٢٠٠٧